**بەشی تەندروستی و خزمەتگوزارییە مرۆییەکان**
**سەنتەری کۆنترۆڵ کردن و پاراستن لە نەخۆشی**
**CDC**

مەترسییەکانی ژینگە و کاریگەرییە تەندروستیەکان

## ژەهراوی بوون بە گازی کاربۆن مۆناکسایدی (یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن)

## ڕێنماییەکانی پاراستن

**دەتوانیت خۆت بپارێزیت لە ژەهراوییبوون بە گازی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن ئەگەر پەیڕەوی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە بکەیت**

پێویستە هەموو ساڵێک سستەمی گەرم کردن و سارد کردن , هیتەری ئاو ( گەرم کەری ئاو) لەگەڵ هەموو ئەو ئامێرانەی کە بە گاز یان نەوت یان خەڵوز(دار) کاردەکەن بپشکنرێن و چاودێری بکرێن لەلایەن کەسی تەکنیک کار .

دەبێت ئامێری دیتەکتەری ئۆکسیدی کاربۆن( ئامێری دیاری کردنی ڕێژەی گازی ئۆکسیدی کاربۆن) کە بە پاتری کاردەکات لە ماڵەکەتدا دابمەزرێنیت و ساڵی دووجار لە کاتی گۆڕینی کاتژمێر لە وەرزی بەهار و پاییزدا پاترییەکانی بپشکێنرێت و بگۆڕدرێت . ئەگەر هاتوو ئەم ئامێرە دەنگی لێوە هات دەبێت بە زووترین کات ماڵەکەت بەجێبهێڵیت و پەیوەندی بکەیت بە 911 وە .

گەر هەستت کرد گازەکە لێیداویت و توشی ژەهراوی بوون بویت بەو گازە , هەستت کرد دڵت تێکەڵ دێت و گێژ بوویت ئەوا دەبێت دەست بەجێ داوای یارمەتی پزیشکی بکەیت.

نابێت مووەلیدەی کارەبا و خەڵوزدان (مەقاڵەی گۆشت برژاندن) هەروەها تەباخی سەفەری (تەباخی سەیران) یان هەرچ ئامێرێک بە نەوت و دار و خەڵوز کار دەکات لە ناو ماڵەکەت یان گەراج یان ژێرزەمین یان نزیک پەنجەرە دابنێیت .

نابێت هەرچ جۆرە ئۆتومبیلێک لەناو گەراجی ماڵەکەتدا ئیشی پێبکەیت تەنانەت ئەگەر دەرگاکەشی واڵا یان کرابێتەوە .

نابێت هیچ شتێک لەناو تەباخ یان ئاگردانەکەت بسووتێنیت ئەگەر جێگەی هەوا گۆڕینی نەبێت واتە دەبێت ئەو گازە بچێتە دەرەوە .

نابێت ماڵەکەت بە سۆپای گاز گەرم کەیتەوە.